# دەستاودەستكردنی دە سەلات وشێوازەكانی*

**پ.ی.د.عماد عبدالقادر محمد سعید** **علی عبدالله محمود**

**زانكۆی ڕا پەڕین**

**كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكان**

**بەشی مێژوو**

لەیەكە ڕامیاریە سەربەخۆكاندا، دەسەڵات ئەو هێزە بنەڕەتی و كاریگەرە بووە، كە توانیویەتی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكان ڕێكبخات و تاك پابەند بكات بە جێبەجێكردنی فەرمانەكانی سەرووی خۆی، لەئەنجامی هەوڵدانی دەسەڵاتدار بۆبەدیهێنانی ئامانجە گشتیەكان و ڕازیكردنی ژێردەستەكانی پەیوەندی لەنێوانیاندادروسبووە، ئەمە تا ئەوكاتە بەردەوامبووە، كە هەردولا تەواوكەری یەكتری بوون و هەریەكەیان پابەندبوون بەجێبەجێكردنی ئەركەكانیان و سودمەندبوون لەومافانەی كە لەچوارچێوەی یاسادا بۆیان دیاریكراوە.

ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتە بایەخێكی زۆری هەیە، بۆیە پێویستە شیكردنەوەی وردی بۆبكرێت و شێوازەكانی بخرێنەڕوو ،لە لایە كی دیكە بەهەمان شێوە لەئێستاشدا هەندێك لەشێوازەكانی و كاریگەریەكانی بەردەوام بەدیدەكرێن و ڕاستەوخۆ كاریگەریان لەسەر ژیانی هەرتاكێك و ئاراستەی هەنگاوەكانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنهەیە.

**یەكەم: كورتەیەك دەربارەی دەسەڵات.**

لەڕووی زمانەوانییەوە (دەسەڵات) لەزمانی عەرەبیدا (السلطة) لەبنەڕەتدا واتای هێز و توانای سەپێنراو دەگەیەنێت[١]، لەچاوگی (سلگ)ەوە هاتووە كە بەواتای هێز یان زاڵبوون دێت[٢]لە زمانی ئینگلیزیدا (Power) واتای دەسەڵاتی گشتی دەگەیەنێت ، بەڵام بۆ دەسەڵاتی ڕامیاری و سەربازی زیاتر ووشەی (Authority) بەكارهاتووە[٣]زۆربەی لێكۆڵەرەوانی بواری ڕامیاری و كۆمەڵناسی، گرنگی زۆریان بە شیكردنەوە و باسكردنی

---

* ئەم لیكولینە وە هەلینجراو ( مستل) لە نامە ی ماستە ر بە ناونیشانی( دەستاودە ستكردنی دە سەلات لە لای ئاشوریە كان١٢٤٤-٦١٢ب.ز لیكولینەوەیەكی سیاسی شارستانییە).

[١]عبدالله البستاني، الوافي معجم وسيط للغة العربية، مكتبةلبنان، (بيروت: ١٩٩٠)، ص٢٨٨ .

[٢]أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقي المصري، لسان العرب، ط٦، دار الصادر، (بيروت: ٢٠٠٨)، مج٧، ص٢٣٠؛ عبدالعزيز العيادي، ميشال فوكو المعرفة و السلطة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسة والنشر و التوزيع، (بيروت: ١٩٩٤)، ص٤٣ .

[٣]محمد حلمي عبدالوهاب، ولاة وأولياء السلطة و المتصوفة في إسلام العصر الوسيط، ط١، الشبكة العربية لأبحاث و النشر، (بيروت: ٢٠٠٩)، ص٣٧ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەسەڵاتداوە، چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەوە هەیە و تێکەڵاوی سەرجەم بەرژەوەندی و گرفتەکان بووە[٤]، بۆ باسکردن و ناساندنی زیاتر پێویستە لەڕووی زاراوەییش تیشك بخرێتەسەر ئەم بابەتە، شارەزایان بەچەندین شێوە

پێناسەی دەسەڵاتیان کردووە، زۆربەیان نزیك و تەواوکەری یەکترن، لەگرنگترین پێناسەکان:

دەسەڵات بریتییە لە سەپاندنی ویستێك بەسەر ویستێکی تردا لەلایەن کەسێك یان کۆمەڵێك بەسەر کەسێك یان کۆمەڵێکی تردا[٥]، واتا ئەو مافەیە کە دەسەڵاتدار هەیەتی بۆ ڕازیکردن یان ناچارکردنی ژێردەستەکانی لە کاتی فەرمانکردن بەسەریاندا[٦]، (ماکس ڤیبەر)[٧]( ) پێیوایە دەسەڵات ئەو توانایەیە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، لەپێناو سەپاندنی خواستی باڵا تەنانەت بەسەر ئەوانەشدا کە ڕەتی دەکەنەوە، چونکە ئەرکی دەسەڵات پارێزگاری کردنە لەبەرژەوەندی گشتی بەبێ گوێدانە خواست و مەرجە تایبەتییەکان[٨]، واتا هەوڵدانێکە بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو وەك پێویستیەکی گرنگ بەپشتگوێخستنی ئامانجە کەم بایەخەکان، لەلایەن کەسێکی دیایکراوەوە جێبەجێدەکرێت و بەهۆیەوە ڕێگا دەگیرێت لە زاڵبوونی توانای کەسانیتر[٩]، دیاریکردنی سەرەتا و سەرچاوەی ئەو هێز و تایبەتمەندیە کارێکی ئاسان نیە، نەتواندراوە بەتەواوی وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە، ئایا دەسەڵات لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ هەر لەنێو مرۆڤەکاندا هەبووە، یان لە جیهانی سەرووی مرۆڤەکانەوە نێردراوە؟[١٠].

دەسەڵاتدار هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی، تەنانەت بەکارهێنانی توندوتیژی وەکو پاساوێکی یاسایی بە هۆکارێکی ئاسایی دەزانێت[١١]، ئەمەش دەرکەوتنێك دەبێت، بۆ پیشاندانی ئاستی هێز و توانای خۆی، کە بتوانێت بەرەنگاری دەسەڵاتێکیتر ببێتەوە و زاڵبێت بەسەر ئەو لایەنەی، کە دەیەوێت ڕێگا لە جێبەجێکردنی کارەکانی بگرێت[١٢]، هەروەها دەتوانێت کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕێکبخات، لەهەمان کاتدا ئەم چالاکییە کۆمەڵایەتی و ڕامیاریانەی ئەنجامی دەدات دەکەونە ناو چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو .

---

[٤]المصدر نفسه، ص٤٠-٤١ .

[٥]ڕێبین ڕسول، سیستەمی سیاسی هزر و فەلسەفەی سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: ٢٠٠٣)، ل٢٢ .

[٦]ناصيف نصار، منطق السلطة مدخل الي فلسفة الأمر، ط٢، دار أمواج للنشر و التوزيع، (بيروت: ٢٠٠١)، ص٧ .

[٧]ئەم کەسایەتیە لەساڵی ١٨٦٤ی زایینی لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، یەکێك بووە لەفەیلەسوف و کۆمەڵناسە بەناوبانگەکان، خاوەنی چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، سۆسیولۆجیا لای مارکس و ماکس ڤیبەر، و. دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠٠٥)، ل٧٣-٧٤ .

[٨]نقلا عن شيرزاد احمد النجار، دراسات في علم السياسه، گ١، مگبعه وزاره الپقافه، (اربيل: ٢٠٠٤)، ص٢٠٦ .

[٩]ڕێبین ڕسول،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ .

[١٠]ناصيف نصار، المصدر السابق، ص١٥ .

[١١]عبدالعزيز العيادى، المصدر السابق، ص٤٤ .

[١٢]باري هندس، خطابات السلطة من هوبز الي فوكو، ت. ميرفت ياقوت، ط١، مجلس الأعلي للثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٥)، ص٣٠ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شارەزایانی بواری زانستی ڕامیاری (Science of Politque) پێیان وایە دەسەڵات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بەپێی هەڵس و کەوت و کردارەکانی خەڵك جێبەجێدەکرێت، وەکو کاردانەوەیەك هەوڵدەدات ویستی خۆی بسەپێنێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتدار کەسێکی جیاوازە لە کەسانی ئاسایی، دەتوانێت ئەو دەسەڵاتەی هەیەتی بەسەر ئەوانیتردا جێبەجێبکات، بەمەش وای لێدەکات سەرەڕای بەدیهێنانی خواستی خۆی خزمەت بەخواستی گشتیش بکات[١٣]، ئەو پاڵنەرەی وای لێدەکات خزمەتکاربێت هەر ئەو خواستەی دەسەڵاتدارێتیەیە کە بەشێوەیەکی گشتی لەناخی هەموو کەسێکدا بوونی هەیە، بەڵام لەکاتی هەبوونی پێویستیەکی دیاریکراو یان داواکارییەکی سودبەخش لەکەسێك یان کۆمەڵێکدا زیاتر دەردەکەوێت[١٤]( ).

دەسەڵات دەتوانێت زیاتر بەهێز و بەردەوامبێت ئەگەر بتوانێت ئامانجە گشتیەکانی کۆمەڵگا بەدیبێنێت[١٥]، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نیوان هەردوولادا بەهێزێکی زیاتر  پێکەوە دەبەسترێنەوە[١٦]دوای ئەوەی ئەو خزمەت و خواستە گشتییە بەدیدێنێت لێکەوتەی جیاوازیشی لێدەکەوێتەوە، هەندێك لەوانەی ئامانجی جیا لە خواستی گشتیان هەیە و ئامانجەکانیان نەهاتۆتەدی لەو وێستگەیەدا دەکەونە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندی گشتی و دەبنە قوربانیی خواستی زۆرینە[١٧].

دەسەڵات ئەو هێزە کاریگەرەیە لەگەڵ بەدیهێنانی خواستی دەسەڵاتدار بۆ گەیشتن بە پلەیەکی باڵا، کاتێك کار بۆ دابینکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکان و بەدیهێنانی ئامانجە سودبەخشەکان دەکات،دەتوانێت خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات و لەهەمان کاتدا هەوڵبدات پارێزگاری لە دەسکەوتە بەدیهاتووەکان بکات، ئەوکات دەتوانێت متمانەی  ژێردەستەکانی بەدەست بێنێت و بەتەواوی وابەستەی خۆیان بکات، هەرکاتێك کەمتەرخەمبوو لەهەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتیەکان ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە بەهۆی نەمانی متمانەی گشتی و پچڕانی پەیوەندی و تێکچوونی بارودۆخی ئاسایی کۆمەڵگا .

دووەم: دەسەڵاتی ڕامیاری و ڕادەی پێویستبوونی بۆکۆمەڵگا.

چەندین جۆر دەسەڵات هەیە وەکو (ڕامیاری، سەربازی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، ...هتد)، بەڵام بەزۆری لەناو هەموویاندا دەسەڵاتی ڕامیاری باوتر و کاریگەرترینە و سەرجەم ئەوانەیتر پەیوەندیان پێیەوە هەیە[١٨]، دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵات پەیوەندی نێوان دوو کەس بێت، یەکێکیان باڵادەست و ئەویتریان ژێردەست، لەوێدا هێزی باڵا خۆی دەنوێنێت بەسەر ژێردەستەکەدا بەجەختکردنەوە لەسەر ئەو فەرمانانەی

---

[١٣] عبدالعزيز العيادى، المصدر السابق، ص٤٣-٤٤ .

[١٤]ناصيف نصار، المصدر السابق، ص١١٥ .

[١٥]عبدالعزيز العيادى، المصدر السابق، ص٤٨ .

[١٦]ناصيف نصار، المصدر السابق، ص٧ .

[١٧]بارى هندس، المصدر السابق، ص٩٨ .

[١٨]جان مارى رانكان، علم السياسه، ت. محمد عرب، مؤسسه مجد للدراسات و النشر و التوزيع، (بيروت: ١٩٩٧)، ص١٢٢-١٢٣ .


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بەسەریدا دەدرێت[١٩]، ئەمەش بە لێهاتوویی کەسی دەستەڵاتدار و پشتبەستن بە توانای خۆی و ئەو متمانەیەی پێیدەدرێت[٢٠]، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی کە کەسەکە هەیەتی لەڕووی کەسێتی و کۆمەڵایەتی پێویستە چەند جیاکەرەوەیەکی هەبێت وەکو گونجاوی لایەنی دەرونی بۆئەوەی هەڵس و کەوتی باش بنوێنێت لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی زانین و زیرەکی بەرزبێت و توانایەکی باشی هەبێت بۆ بەردەوامبوون لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، پێویستە متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و وەکو ئامرازێکی چالاك بارودۆخی کۆمەڵگا بەرەو باشی ببات، لەئاست ئەو متمانەیەدابێت کە پێیدراوە تاکو ژێردەستەکانی هەست بەدڵنیایی بکەن لەبەردەوامی کارەکانی و بۆیان ببێتە جێگای شانازی[٢١]، پێویستە کەسی دەسەڵاتدار توانای کۆکردنەوە و ڕێکخستنی ژێردەستەکانی هەبێت[٢٢]، بیرکردنەوەی ورد لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانە، بەجۆرێك بتوانێت لەکاتی گونجاودا هەست بەکێشەکان بکات و چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە، چونکە بەهۆیەوە ئاستی سەرکەوتنی دیاریدەکات، بەتایبەت لەکاتە لەناکاو و هەستیارەکاندا، هەروەها ڕادەی نەرم و نیانی و توندوتیژی لەکاتی بڕیاردان و کاروچالاکیەکان گرنگی زۆری هەیە بەپێی بارودۆخ و سەردەم[٢٣].

لەسەردەمی کۆن دەستەڵات بەڕەهایی لەدەست کەسێکی وەکو پیاوی ئاینی یان پاشا و سەرکردە یاخوود ئیمپراتۆر دابووە[٢٤]ئەوکات بەهۆی هۆگری و خۆشەویستی تاك بۆ دەسڵاتدارەکەی و ئاشنایەتی و نزیکی لێیانەوە، وایکردووە زۆرجار پەیوەندی نێوان تاك و فەرمانڕواکەی زیاتربووە لە پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ملکەچبوونە لەکۆمەڵگا بچووك و خێڵەکییەکاندا بەهێزتربووە، ئەمانە بەهۆی خزمایەتی و نزیکی لەیەکتریەوە و چەند تایبەتمەندییەکی ناوچەیی و مێژوویی توندتر بەستراونەتەوە بەیەکتری، لەسەر بنەمای سۆزی خزمایەتی و یەکترناسین کارەکانیان ئەنجامداوە، بەڵام هەندێك جارکە کۆمەڵگا بەرەو فراوانی و بەربڵاوی ڕۆشتووە هێزی پێکەوە بەستران ملکەچ بوونیان لاوازبووە[٢٥]، بەتایبەت ئەو شوێنانەی لەدەستەڵاتی سەرەکی دووربوون[٢٦].

توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی پێیان وایە، دەسەڵات هۆکاری پەیوەندیەکی بەهێزی نێوان کەسەکان و وابەستەبوونیانە بەو دەسەڵاتدارەی فەرمانڕەوایەتیان دەکات، ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی بەردەوامدەبێت تا ئەوکاتەیدەسەڵاتدار خزمەت بەخواستی گشتی بکات وژێردەستەکانی کاردانەوەی باشیان دەبێت، لەکاتی هەبوونی

---

[١٩] عەبدولرەحمان عالم، بنەماکانی زانستەڕامیارییەکان، و.دلاوەر عەبدوڵا و محەمەد کەریم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل١١٢ .

[٢٠] موریس کرانستون، معجم المصگلحات السیاسیه، ت.عبدالعزیز محمد حسین، گ٢، دار النهار للنشر، (بیروت: ١٩٧٠)، ص١٢ .

[٢١] حسن نافعه و اخرون، مقدمه فی علم السیاسهوالافکار و الایدولوجیات والنقم السیاسه، مگبعه جامعه القاهره، (القاهره:٢٠٠٢)، ج١، ص٢٧٢-٢٧٣ .

[٢٢] ابن منقور، المصدر السابق، مج٧، ص٢٣١ .

[٢٣] حسن نافعه و اخرون، المصدر السابق، ج١، ص٢٧٧-٢٧٩ .

[٢٤] ڕێبین رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣ .

[٢٥] برتراند راسل، السلطة والفرد، ت.محمد بکیر خلیل، مطبعة جامعة الدول العربیة للنشر و الترجمة، (القاهرة: ١٩٥٣)، ص٢-٥ .

[٢٦] جاك مارینتان، الفرد والدولة، ت.عبداللة امین، مؤسسة فرانکلین للطباعة والنشر، (بغداد: ١٩٦٢)، ص٢٠-٢٢ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەموکوڕی و کەمتەرخەمی ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە شێوازی دەسەڵاتداری کاردانەوەی ژێردەستەکان دیاریدەکات[٢٧]، ئەوەی لێرەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت کۆمەلگایە، کەدەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بەستنەوەی سێ لە پایەکانی سێکوچکەی(فەرمانڕەوا، فەرمان، فەرمان وەرگر)، دەسەڵاتدار ئەو کەسایەتیە کاریگەرە دەبێت بەلێهاتوویی خۆی بتوانێت فەرمانەکانی بگەیێنێتە گەلەکەی و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە گوێڕایەڵییان بەدەستبینێت[٢٨]جیاواز لەو ملکەچییەی کەسەکان وەکو بەندە لە دۆخیکی ناچاری و لەژێر فشاردا دەینوێنن[٢٩]، ئەمە دەبیتە هۆی بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی جێگیر و هاوسەنگ لەبەرانبەر ئەو دادپەروەری و سەربەستیەی بۆیان دابیندەکرێت[٣٠]، چونکە دەستەبەری پابەندبوون و ملکەچی لەچەند شتێکی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە وەکو ( هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، لایەنی دەرونی و هەبوونی متمانە، ئاسایش و ئارامی، ئاست بەرزی و جێگیری ئابووری، ویستی بەدیهاتنی ئامانج، ...هتد)[٣١] ، هەرچەندە هەندێك جار وابەستەیی توندی تاك بۆ دەسەڵات کاردانەوەی ترسێکی زۆرە، بەڵام ئەوە زیاتر لەکاتی هەبوونی مەترسی جەنگ و نەهامەتی بەدیدەکرێت[٣٢]، لەتیۆرە ڕامیاری و یاساییەکانی سەردەمی(کلاسیك)[٣٣] بەم شێوەیە باسی ئەو کەسە کراوە کە تایبەتمەندی و مەرجەکانی تێدابووە و دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، لەهەندێك بارودۆخدا قسە و فەرمانەکانی بوون بەیاسا پێویستبووە هەموو ئەوانە جێبەجێبکرێن کە ویستوویەتی[٣٤]، بەڵام بەپێی ئەوەی دەسەڵات بەدیهێنەری پەیوەندی کۆمەڵایەتییە و هەوڵە بۆ دابینکردنی ئامانجی گشتی و ئارامی کۆمەڵگا دەدەات ناکرێت تەنها لەلایەن کەسێکەوە بەرجەستە بکرێت، بۆئەوەی فەرمانڕەوا و فەرمانوەرگر لەسوڕێکی هەمیشەییدا هاوکار و تەواوکەری یەکتربن و هەریەکەیان بواری وەرگرتنی مافەکانی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی بۆبرەخسێت[٣٥].

دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگا هەمیشە لەگۆڕانکاریدابووە، بەپێی بارودۆخ و شوێن و سەردەمە جیاوازەکان، بەشێوازی پیرۆزیی و ڕازیکردن و بەدەستهێنانی متمانە تا دەگاتە باری خۆسەپاندن و توندوتیژی، بەبەردەوامی ئاوێتەی ژیانی مرۆڤ بووە بەجۆرێك نەتواندراوە لەیەکتری جیابکرێنەوە، ئەو تایبەتمەندییەی هەیبووە لە ڕێکخستنی

---

[٢٧]شیرزاد احمد النجار، المصدر السابق، ص٢٠٧ .

[٢٨]علي فیاض، نظریات السلطة في الفکر السیاسي الشیعي المعاصر، ط٢، مرکز الحضارة لتنمیة الفکر الاسلامي، (بیروت: ٢٠٠١)،ص١٠ .

[٢٩]مزهر الخفاجي، خصائص الشخصیة العراقیة والشخصیة المصریة في التاریخ القدیم، ط١، بیت الحکمة قسم الدراسات التاریخیة، (بغداد: ٢٠١٤)، ص١٦٧ .

[٣٠]اواز سلیمان محمد، السلطة والفکر السیاسي جوهر ظاهرة السلطة و قواعدها، مجلة جامعة کویة، (کویة: ٢٠٠٦)، ع٦، ص١٠٦.

[٣١]عەبولرەحمان عالم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤ .

[٣٢]برتراند راسل، المصدر السابق، ص٦ .

[٣٣]سەردەمی کلاسیك: لە ئەوروپا لەسەدەی شازدەی زاینی بەدواوە بۆماوەی نزیکی سێ سەدە،گۆڕانکاری گەورە هاتەدی لە بواری (کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری و هزری ...هتد)، بەهۆی توانای چەند بیرمەندێك قۆناغێکی تازە هاتە ئاراوە، تیایدا هۆشمەندی و تێڕوانینی عەقڵانی شوێنی بیروباوڕی ئایینی گرتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: موریس کروزیة، تاریخ الحضارات العام، ت. یوسف اسعد داغر و فرید م.داغر، عویدات للنشر والطباعة، (بیروت: ٢٠٠٣)، مج٤، ص٢٨٢-٢٩٠ .

[٣٤]حسین بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت تیۆری-پراکتیکی، چ١، چاپەمەنی پەیوەند، (ب.ش: ٢٠٠٥)، ل٢٥ .

[٣٥]ڕێبین رسول، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨ .


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

كۆمەڵگا و دوورخستنەوەی لە ئاریشە جۆراوجۆرەكان و بەرەوپێشبردنی بەهۆی دابینكردنی پێداویستیەكان و دانانی سنور بۆ هەڵس و كەوت بەدیاریكردنی جۆر و ڕێژەی پاداشت و سزا لەبەرانبەر ئەنجامدانی چالاكیەكانییان هەروەها پێدانی ماف هەرتاكێك، ئەمە لەلایەن كەسێكی دیاریكراو یاخود چەند توانایەكی پەیوەست و بەشداربوو لەڕێكخستنەكەدا جێبەجێكرابێت[٣٦]، وەكو یەكێك لە سێ سەرچاوە سەرەكییەكەی دەسەڵات كە بریتین لە:

أ-نەریتی (ترادیسۆنی): لەسەردەمانی زوو و لەناو خێڵ و هۆزە لەیەكتر نزیكەكاندا بەدیكراوە.

ب-كاریزمایی: لە تایبەتمەندی و كەسایەتی كەسەكەوە سەرچاوەی گرتووە.

ج-یاسایی: بەپشت بەستن بە چەند دەقێكی دیاریكراو و قبوڵكراو[٣٧]لەلایەن كەسانی ڕامیاری لەچوارچێوەی دەوڵەت جێبەجێكراوە[٣٨].

دەكرێت بگوترێت گشت دەسەڵاتێك پەیوەندی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆی بە كاروباری ڕامیارییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەتایبەت باس لەدەسەڵاتی ڕامیاری بكەین، توێژەران پێیان وایە كار و چالاكی كەسانی دەوڵەتە لەپێناو باشتر بەڕێوەبردنی كومەڵگا، بۆیە گوتراوە پلەیەكی باڵای هەستكردنە بە پێویستیەكان و چارەسەركردنی كێشەكان، هەروەها هەوڵدانە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری كۆمەڵایەتی و بارودۆخێكی دروست كە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت بەدیبێنێت، ئەمەش وایكردووە كە هەندێك كەس پێیان وایە لە ئاسمانەوە دیاریكراوە و نێردراوەتە سەرزەوی، وەك پێداویستیەكی سەرەكی خۆشگوزەرانی[٣٩]، سەرەڕای ئەوەی كە مرۆڤەكان دەخاتە ژێرباری بەرپرسیارێتی بەپابەندبوونیان لەجێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی سەرووی خۆیان، بەڵام بووە بەجێگای ڕەزامەندییان،چونكە بەهۆیەوە پەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی پتەو لەنێوانیاندا دروستبووە و ڕێز لەیاساكان و دابونەریتی پێشینەكانیان گیراوە، بەمەش ئەو بارودۆخە هاتۆتە ئاراوە كە ئاواتەخوازیبوون[٤٠].

هەندێك لەشارەزایان بۆچونی جیاوازیان هەیە، پێیان وایە دەسەڵاتی ڕامیاری لەئاسمانەوە نەهاتووە و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری بەرهەمی ئەو نین، بەڵكو هونەری بەڕێوەبردن و ڕێكخستنە لەلایەن دەسەڵاتدارەوە پیادەدەكرێت و پارێزگاری لێدەكرێت، بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی نێوان تاك و تاك، یاخود تاك و دەوڵەت، ئینجا پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتانیتر، لەمەوە دەردەكەوێت كە دەسەڵاتی ڕامیاری جۆری سەرەكی كاری ڕامیارییە و بنەمایە بۆ چالاكی دەسەڵاتدار و بەسترانەوەی بە كەسانی ژێردەسەڵات لەچوارچێوەی دەوڵەتێكی دیاریكراو[٤١]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەسەڵاتی ڕامیاری و دەوڵەت پەیوەست و تەواوكەری یەكترین لە هەندێك باردا ناتوانرێت لەیەكتری جیابكرێنەوە، چونكە دەوڵەت وەكو ئامێریك یان پەیكەرێك وایە، بەهۆی هێزی دەسەڵات كاردەكات لەهەمان كاتدا بۆتە ناوەندی پیادەكردنی ئەو دەسەڵاتە ڕامیارییەی كاری پێدەكات و

---

(٣٦)موريس كرانستون، المصدر السابق، ص١١ .

(٣٧)عەبدولرەحمان عالم، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣ .

(٣٨)موريس كرانستون، المصدر السابق، ص٦٠ .

(٣٩)عبدالخالق عبداللة، حكاية السياسة، ط١، مؤسسة المجد للدراسات و النشر و التوزيع، (بيروت: ٢٠٠٦)، ص٤٤-٤٧.

(٤٠)شيرزاد احمد النجار، المصدر السابق، ص٢٠٧ .

(٤١)عبدالخالق عبدالله، المصدر السابق، ص٥١ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڕێوەی دەبات[٤٢]، دەوڵەت بەلای (هوبس)[٤٣] ەوە جەستەیەکی کارگێرییە کە تیایدا کۆمەڵگایەك لەژێر دەستەڵاتێکی خۆجێیی جیاواز لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەری دەژی، واتا یەکەیەکی ڕامیارییە تاکەکانی ناوی هۆگری و پەیوەندییان هەیە بۆیەکتری و پابەندی فەرمانەکانی ئەو دەسەڵاتەن کە بەڕێوەیاندەبات[٤٤]، سەروەری مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەت بە واتای هەبوونی مافی سەربەخۆیی تەواو، کە جیای بکاتەوە لە دەوروبەر بەهۆی سنورێکی دیاریکراو، هەروەها هەبوونی دەسەڵاتێك کە بەشێوازێکی سەربەخۆ لەناو ئەم سنورەدا بەبێ مەرجی دەرەکی هەڵس و کەوت بکات[٤٥].

کاراکردن و چەسپاندنی دەسەڵات کارێکی زۆر ئەستەم و پڕبەرپرسیاریەتیە چونکە چەندین کاروچالاکی جۆراوجۆر و هێز و توانای پێویستە بۆئەوەی بەهێز و خۆڕاگر بێت، بۆیە پێویستە لەسەر بنەمای ( یاسایی، زانین و دانایی، ڕەزامەندی، زاڵبوون و بەهێزی، هاوبەشیکردن و هاوسەنگی) دابمەزرێت و کاربکات[٤٦]، ئەوکات دەبێت بە دەسەڵاتیکی  زۆرباش و کاریگەر، ڕۆڵی سەرەکی دەبێت لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی کاروبارەکانی دەوڵەت و بەئاراستەی بوژاندنەوە و گەشەکردن، بەتایبەت ئەو لایانانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە[٤٧]، شارەزایانی بواری ڕامیاری هەوڵیانداوە ڕادەی پێویستبوونی دەسەڵات بۆکۆمەڵگا دیاریبکەن، یەکێکی وەك (بالاندیێ)[٤٨] پێی وایە هەموو کۆمەڵگایەك پێویستی پێیەتی بۆ پارێزگاریکردن لەویاسایانەی کە پارێزگاری لەتاکەکانی دەکات لەکاتی هەبوونی کەم و کوڕی و ململانێی نێوانیان، دەڵێت:((ئیدی دەسەڵات ئاوا پێناسە دەکەین، زادەی قەڵاچۆکردنی ئەو کەمایەتیانەیە کە هەڕەشەی ئاژاوەگێڕی دەکەن))[٤٩] .

بۆچونیتریش هەیە پێیوایە دەبێتە هۆکاری بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی کە تاك چاوەڕێی بەدیهاتنیان دەکات و بەبێ هەماهەنگی و هەوڵی ڕامیارییەکان پێیان ناگات، لەوانە: دەسکەوتە بەرجەستەبووەکان و بەرجەستەنەبووەکان و مانەوەیان لە ئاسایش و ئارامیدا[٥٠]، بەهەمان شێوە هاوکاری دەسەڵاتداریش دەکات لە

---

[٤٢]زبير رسول احمد، المجتمع المدنی والدوله  اشكاليه العلاقه، مؤسسه حمدی للگباعه والنشر، (سليمانيه:  ٢٠٠٨)، ص٤٢ .

[٤٣]تۆماس هوبس Thomas Hobbes)): لە بەریتانیا لە ساڵی ١٥٨٨ی زاینی لەدایکبووە، شارەزایی لەبوارەکانی(ڕامیاری، فەلسەفە، ئەدەب و زمانەوانی) هەبووە و چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە لەناویاندا کتێبەبەناوبانگەکەی بەناوی(الليڤياثان). بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: مسلم حسن محمد عزيز المظفري، الفلسفة السياسية عند هوبز، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الي مجلس كلية الاداب، (جامعة بغداد: ٢٠٠٤)، ص٤٠-٤٧؛ خلف الجراد، معجم فلاسفة المختصر، ط١، مؤسسة مجد للدراسات و النشر، (بيروت: ٢٠٠٧)، ص٢٥٧-٢٥٩ .

[٤٤]توماس هوبس، اللفياثان لاصول الطبيعية والسياسية لسلطة الدولة، ت. ديانا حبيبة حرب و بشري صعب، ط١، دار الفارابي للطباعة والنشر، (بيروت: ٢٠١١)، ص١٠٥-١٠٧؛ موريس كرانستون، المصدر السابق، ص١٦

[٤٥]جاك ماريتان، المصدر السابق،  ص٥٧ .

[٤٦] اواز سليمان محمد، المصدر السابق، ص١١٨ .

[٤٧]جورج ه. سباين، تطور الفكر السياسي، ت.حسن جلال العروسي، دار المعارف، (القاهرة:  ١٩٦٣)، الكتاب الأول، ص٢٩-٣١ .

[٤٨]جۆرج بالاندیێ، ئەنپرۆپۆلۆجیای سیاسی، و. بەهزاد حەوێزی، چ١، چاپخانەی موکریان، (هەولێر: ٢٠١٤)، ل٥١ .

[٤٩]شيرزاد احمد النجار، المصدرالسابق، ص٢٠٦ .

[٥٠]محمد فهد القيسي، تداول السلطة في العراق القديم  ابان الألف الثالث قبل الميلاد،تموزللطباعةوالنشروالتوزيع، (دمشق:  ٢٠١١)،ص١٦ .

بەڕێوەبردندا بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان خۆی و ژێردەستەكانیدا دروستبووە[٥١]، هەرچەندە لەهەندێك بارودۆخدا دەتوانێت بەپێی یاسا و لەسنورێكی دیاریكراو هێز بەكاربهێنێت ئەگەر بگاتە ئاستی توندوتیژیش، بەتایبەت لەكاتی دەرچوونی ژێردەستەكانی لەجێبەجێكردنی فەرمان و زیان گەیاندن بە دەسەڵات و بەرژەوەندییە گشتییەكان[٥٢]، بەڵام سەپاندنی دەسەڵاتی فورس و بەكارهێنانی هێز كاریگەری نەرێنی دروستدەكات لەسەر دەسەڵات، دەبێتە هۆكاری تێكچوونی پەیوەندی كۆمەڵایەتی و پێویستی بەچاودێریكردنی بەردوام دەبێت تا ئەو ڕادەییەی لاوازبوونی توانا و هێزی بەرجەستە و نابەرجەستەی لێدەكەوێتەوە[٥٣] ئەمەش پەیوەستە بەچۆنیەتی بەڕێوەبردن و توانای دەسەڵاتدار، ئەگەر بەووردبینی و ووریایی كاربكات بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتیەكان دەتوانێت پەیوەندی نێوان خۆی و هاووڵاتیانی بەهێزتربكات، ئەوكات بەئاسانی و بەكەمترین سوود وەرگرتن لەسەرچاوە یاساییەكان و بەبێ پەنابردن بۆ هێز و توندوتیژی ئەركەكانی خۆی جێبەجێبكات[٥٤].

دەسەڵاتی ڕامیاری ئەو تاكە هۆكارەیە، كە دەتوانێت سەرجەم كاردانەوە هاوئاڕاستە و جیاوازەكان لەبەرژەوەندی بەهێزكردنی كۆمەڵگا لەچوارچێوەی یەكەیەكی ڕامیاری سەربەخۆ كۆبكاتەوە، كاربكات بۆ بەهێزكردنیان و پاراستنیان، ئەمەش وا لە تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایە دەكات بەتەواوی پشتی پێیببەستن و كارە چارەنوس سازەكانی خۆیانی پێبسپێرن، ئەم جۆرە دەسەڵاتە ڕایەڵی بەهێزی پێكەوە بەستنی تاكەكان و دەسەڵاتدارە، ڕێكخەر و پارێزەری كۆمەڵگایە، بۆیە هەبوونی دەبێتە مەرجی دووركەوتنەوە لە لاوازی و پەشێوی و هەنگاونان بەرەو بەدیهاتنی ئامانجەكان، دەكرێت بگوترێت هەركۆمەڵگایەك پێویستی بە دەسەڵاتێكی بەهێز و دڵسۆز هەیە كە بتوانێت بەشێوەیەكی ڕێكخراو هەوڵی باشتركردنی ژیانی تاكەكان بدات .

**سێیەم: شێوازەكانی دەستاودەستكردنی دەسەڵات.**

لایەنی ڕامیاری لەبیری مرۆڤدا بەشێكی تایبەتی داگیركردووە و گرنگی و كاریگەری زۆری هەیە، چونكە بەتەواوی پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانە، كاروچالاكیەكانی بەڕێوەبردنی وڵاتی پێ ئەنجام دەدات، بەهۆیەوە كۆمەڵگا و پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی پێ ڕێكدەخرێت، بۆیە دەكرێ بەكاری كۆمەڵایەتیش ئەژماربكرێت، تەنها كەسانی ڕامیاری ناكەونە ژێر ئەم كاریگەرییە، بەڵكو سەرجەم هاوڵاتیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەی پەیوەستن، یەكێك لەو دیاردە گرنگ و كاریگەرانەی بواری ڕامیاری بریتییە لە دەستاودەستكردنی دەسەڵات[٥٥]، لەڕووی زمانەوانییەوە دەستاودەستكردن لە زمانی عەرەبیدا ( التداول)ە لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆچاوگی (دول) بەواتای ئەوشتە دێت كە بەپێی گۆڕانی كات ئاڵوگۆڕی بەسەرداديێت[٥٦]، یاخود لە شەڕدا

---

[٥١] عەبدولرەحمان عالم، سەرچاوەی پێشوو،ل١١٢ .

[٥٢] موريس كرانستون، المصدر السابق، ص١٢ .

[٥٣] حسین بەشیریە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١ .

[٥٤] زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ژیر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠٦)، ل٢٤٩ .

[٥٥] عامر حسن فياض و علي عباس مراد، اشكالية السلطة في تأملات العقل الشرقي القديم والاسلامي الوسيط، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد: ٢٠٠٥)، ص١٢-١٧ .

[٥٦] محمد فهد القيسى، المصدر السابق، ص١٥ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاڵوگۆڕی لایەنێکە بەلایەنێکیتر، واتا هەڵاتنی لایەنێك و مانەوەی ئەوەیتر، هەروەها کرداری گواستنەوەیە لەبارێکەوە بۆبارێکیتر، لەڕووی زاراوەیشەوە گوزارشت لەبارگۆڕانی گشتی دەکات، دەوڵەت لەبارێکەوە دەبات بۆبارێکیتر بەشێوازی ئاشتی یان بە بەکارهێنانی توندوتیژی(٥٧).

زانایانی بواری کۆمەڵناسی بەگشتی چەند هۆکارێکیان دەستنیشانکردووە بۆ حەزکردن لەوەرگرتنی دەسەڵات، لەگرنگترینیان (دەسەڵاتخوازی سروشتی، هەستی خۆبەزلزانین و بەگژداچوونەوە، هەستی نائارامی کەسێتی، حەزی خاوەندارێتی تایبەتی)(٥٨) هەریەکێك لەمانە وا لەمرۆڤ دەکات هەوڵبدات بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتەی کەسێکیتر هەیەتی، دواجار بەردەوامی ئەم هەوڵانە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە کە بەچەند شێوازێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت، لەدیارترینیان:

١- شێوازی ئاشتی (الشكل السلمی): هێنانەدی بارگۆڕانی ڕامیاری بەم شێوازە بەزۆری وادەکات بارودۆخ لەسەر ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بەردەوامبێت، بەبێ کێشە گۆڕنکاریەکە ڕوودەدات(٥٩)، بەهۆی جیاوازی بارودۆخ و بەپێی سەردەم و نەریتی جیاواز چەند ڕێگایەك هەیە کە تیایدا ئەم شێوازە بەرجەستەدەبێت وەکو:

أ – خواستی خواوەندەکان (رغبه الالهه): کۆمەڵگا کۆنەکان لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی دابوون، بۆیە دەسەڵات وەکو هەموو دیاردە و چالاکیەکانیتر کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییە، مرۆڤی کۆن پابەندبوون بەرێنمای کەسانی شارەزای ئەم بوارە، ئەمە ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە دەستنیشانکردنی دەسەڵاتدار(پاشا) لەهەمان کاتدا ئەویش کاتێك دەسەڵاتی وەرگرتووە بەتەواوی کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییە، هەر کەمتەرخەمی و لادانێکی بۆتە هۆکاری لاوازبوون یان لەناوچوونی دەسەڵاتەکەی(٦٠)، هێز و توانای خواوەندەکان لەسەرووی مرۆڤەکانەوە بووە، بۆیە ئەو کەسەی لەناو بنەماڵەی شاهانەدا دەستنیشانکراوە، یاخود شایانی وەرگرتنی دەسەڵات بووە و لەلایەن خواوەندەوە پێی بەخشراوە و تاجی خراوەتەسەر، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا هەندێك جار ماوەی یەك هەفتە بەردەوامبووە تیایدا پاشا جل وبەرگی تایبەتی پۆشیووە و لەگەڵ کاهینی گەورە(پیاوی ئاینی)ی وڵات لەبەردەم خواوەند کڕنوشیان بردووە و بەڵێنیان پێداوە(٦١)ئەمەش وایکردووە کە پیرۆزی هێزێکی زۆر لەدەسەڵاتەکەیدا بەدیبکرێت(٦٢).

ب– پشتاوپشت یان بۆماوە (الوراثة): زۆربەی دەسەڵاتە ڕامیارییە کۆنەکان لەسەرشێوازی پاشایەتی بەڕێوەچوون، ئەمەش خۆی لەجێبەجێکردنی چەند تایبەتمەندییەکدا بینیوەتەوە، یەکێك لەوانە دانانی جێنشین بووە بۆ پاشا، بۆئەوەی لەدوای ئەو دەسەڵات بگرێتەدەست و دەسەڵاتدارێتی لەناو بنەماڵەی پاشایەتیدا بمێنێتەوە بەشێوەی زنجیرەی بەدوایەکدا لەباوکەوە بۆکوڕ بەردەوامبێت، ئەمە لەدوو شتەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەم خەڵکی وایان هەستکردووە کە گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵات و بەدیهاتنی خۆشگوزەرانی

---

(٥٧)ابن منظور، المصدر السابق، مج٥، ص٣٢٧-٣٢٨ .

(٥٨) حسین بەشیریە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣ .

(٥٩)جان ماری رانكان، المصدر السابق، ص١٦٦ .

(٦٠)عامر حسن فياض و علي عباس مراد، المصدر السابق، ص٧٠-٧٣ .

(٦١)ايف شميل، السياسة في الشرق القديم، ت. مصطفي ماهر، ط١، المجلس الاعلي لثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٥)، ص٤٥٤ .

(٦٢)المصدر نفسه، ص٤٤٣ .


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

لەسایەی گەورەیی و دەسەڵاتی پاشاوەیە، ئەگەر ئەو نەمێنێت ئەو بارودۆخەش نامێنێت، دووەم بەدیاریكردنی جێنشین ڕێگا دەگیرێت لە سەرهەڵدانی توند و تیژی لەپێناو وەرگرتنی دەسەڵات، واتا بۆ هێشتنەوەی وڵات لە بارودۆخێكی جێگیر و دوور لەئاڵۆزی و پەشێوی(٦٣)، یاخود بەهۆی ئەو دەسەڵاتە زۆر و ڕەهایەی پاشا هەیبووە بۆ پارێزگاریكردن لەمانەوەی شكۆمەندی لەناو بنەماڵەكەیدا(٦٤)، ئەم كارە لەڕووی كردارییەوە بەوە دەستی پێكردوە مەراسیمێك بەئامادەبوونی چەندین كەسی دیار و متمانە پێكراو ڕێكخراوە، لەنێوان كوڕەكانی پاشا یەكێك دەستنیشانكراوە(٦٥).

كوڕی گەورەی پاشا هەڵبژاردەی یەكەمبووە بۆ پێدانی ئەم نازناوە بەپاڵپشتی هەندێك تایبەتمەندی جیاكەرەوە لەگەڵ براكانی، وەكو زوتر پێگەیشتنی جەستە و ئەقڵی، كە بەهۆیانەوە دەتوانێت باشتر چەك هەڵبگرێت و كارەكان بەڕێوەببات، بۆئەوەی بەتواناییەكی زۆرەوە پارێزگاری لە خێزانی پاشایەتی و وڵات بكات، هەندێك جار بەچەند هۆكارێكی تایبەت ئەم مافە دراوە بەكوڕی بچووك، لەوانە هەبوونی كەم و كوڕی لە كەسایەتی و هەڵس و كەوتی كوڕی گەورە، یاخود كاریگەری و نزیكی دایكی كوڕە بچوكەكەیان لە پاشا(٦٦)، واتا ئەوكاتەی پاشا زیاتر لەیەك هاوسەری هەبووبێت، بۆئەوەی جێنشین هەمان گرنگی و پیرۆزی پاشای هەبێت، وەكو نەریتێك بەرلەبڕیاردان و دەستنیشانكردنی لەلایەن باوكییەوە ڕەزامەندی خواوەندی بۆ وەرگیراوە، بۆئەوەی دەسەڵاتەكەی بەتەواوی یاسایی و قبولكراوبێت(٦٧).

دوای دەستنیشانكردن هەنگاوەكانی ڕاهێنان و ئامادەكردنی جێبەجێكراوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەدوای باوكی، ڕاستەوخۆ لەدوای مردنی پاشای كۆچكردوو و بەخاكسپاردنی، بەكۆمەڵ چونەتە پەرستگا مەراسیمی تاج لەسەرنانی پاشای تازە ئەنجام دراوە(٦٨)، پاشای تازە دەكەوتە ژێرباری بەرپرسیارییەتێكی گەورە، بۆ درێژەدان بە كارەكانی باوكی بە پارێزگاریكردن لەدەسكەوتەكان و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی زیاتر و سنوری فراوانتر(٦٩).

ج-هەڵبژاردن (الانتخابات): چەند كەسایەتیەكی كۆمەڵایەتی و ئاینی بەشداربوون لەكاروباری ڕامیاری، ئەمانە لەچوارچێوەی ئەنجومەنی گشتی(مجلس العامه) كاریان كردووە، لەباری تایبەتدا یەكێك لەكارەكانیان متمانەدان

(٦٣)عزيز محمدامين عزيز الزيباري، مراسيم تنصيب الملوك و ترسيم الكبار الموظفين والكهنة في العراق القديم من العصر السومري المبكر حتي نهاية العصر الاشوري الحديث، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، (القاهرة: ٢٠١٥)، ص٤٩

(٦٤) محمد نصر منها، في تاريخ الفكر السياسى المقارن، مركز الاسكندريه للكتاب، (الاسكندريه: ٢٠٠٦)، ص٤٧ .

(٦٥)شيرزاد احمد النجار، المصدر السابق، ص ٢١٤ .

(٦٦)عزيز محمدامين عزيز الزيبارى، المصدر السابق، ص٤٤-٤٧ .

(٦٧)شعلان كامل اسماعيل، الحياة اليومية في البلاط الملكي الاشوري خلال العصر الاشوري الحديث(٩١١-٦١٢ ق.م)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل، موصل: ١٩٩٩)، ص٤٣ .

(٦٨)عزيز محمدامين الزيبارى، المصدر السابق، ص٢٤ .

(٦٩)طالب منعم حبيب الشمري، الوضع السياسي في الشرق الادني القديم بين القرنين السادس عشر و الحادي عشر قبل الميلاد، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٩٦)، ص٢٣-٢٤ .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بووە بەكەسێك بۆدەسەڵاتدارێتی لەگەڵ ڕێنماییكردنی و دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی[٧٠]، ئەو كەسەی كە ئەوان هەڵیانبژاردووە پێویستبووە خاوەن كەسایەتی و توانایەكی باش بێت سەرجەم مەرج و تایبەتمەندییەكانی تێدابێت، بەتایبەت ئازایەتی بۆئەوەی بتوانێت لەكاتی جەنگدا زاڵبێت بەسەردوژمنەكانیدا، بەهەڵبژاردنی كەسێكی نەشیاو ئەنجومەنەكە دەكەوتە ژێرباری بەرپرسیاریتیەكی گەورە بەتایبەت لەبەرامبەر خواوەند[٧١].

٢ شێوازی توندوتیژی (الشكل العنفی): ئەم دیاردەیە هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤایەتیدا دەركەوتووە و بەردەوام لەئارادابووە، سەرەتا ململانێ ی لەپێناو مانەوە یان گەیشتن بەژیانێكی باشتر بووە، هەركاتێك مرۆڤ توشی بەربەست و بەرەنگاربوونەوە بوبێ لەگەیشتن بەئامانجەكانی هوڵیداوە بەبەكارهێنانی هێز ئەم بەربەستە ببڕێت[٧٢]، لەكۆمەڵگایەكی ڕامیاریدا كاتێك بەهۆی لاوازی دەسەڵات یان كەمتەرخەمی لەدابینكردنی پێداویستیەكان، ئەوكاتەی هاووڵاتیان هەستیانكرد مافیان پێنادرێت ئەو متمانەیە نامێنێت كە هەردووكیانی پێكەوە بەستۆتەوە، بۆیە كێشە دەكەوێتە نێوانیان، ئەمە لەوكاتەدا ڕویداوە كە داواكارییەكانیان پشت گوێخراوە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەرتوندوتیژی[٧٣]، ئەمەش زیاتر خۆی لە كەمبوونەوەی سەرچاوە سەرەكیەكانی بژێوی و خۆشگوزەرانیدا بینیوەتەوە، فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی (ئەفلاتون) پێی وایە سەرچاوەی سەرەكی ململانێكان هەوڵدان بووە بۆ گەیشتن بە پلەوپایە و سامان[٧٤]، زیاتر لەنێو چینە جیاوازەكاندا دەركەوتووە بۆ دەستگرتن بەسەر سەرچاوە گرنگەكان و گەیشتن بەو ئاستەی ئاواتەخواز بوون بۆی، (هوبس)یش پێی وایە سەرچاوەكەی هەوڵدانە بۆ چاكسازی، ئەم هەوڵدان و ململانێیەش تاكۆتایی هەر بەردەوامدەبێت[٧٥]. یەكێك لەهۆكارەكانیش حەزی دەستەڵات گرتنەدەستە، ئەمەش لەوانەیە بەشێك بێت لە دوو هۆكارەكەی پێشوو یان لەئەنجامی ئەوانەوە دروستبێت، ئەو لایەنەی ئەم ویستەی هەیە واهەستبكات بەوەرگرتنی دەسەڵات كێشەكان چارەسەردەبن، لەكاتی پشتگوێخستنی ویست و داواكارییەكان لەلایەن دەسەڵاتدار توندوتیژی دەكەوێتە نێوانیان بەڕادەی قەبارەی هێز و توانای هەردوولا، بۆیە بەهەرشێوەیەك بێت هەوڵی تازەكردنەوە و گۆڕینی دەسەڵات دەدەن لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتیەكان[٧٦]، وەرگرتنی دەسەڵات بەشێوازی توندوتیژی بەچەند ڕێگایەك ئەنجامدراوە، دیارترینیان ئەمانە بوون:

أ- ڕەشەكوژی[٧٧]و تیرۆر (الإغتیال و الإرهاب): كوشتنی دەسەڵاتدار مێژوویەكی زۆركۆنی هەیە و كات و شوێنی دیاریكراوی نیە، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی و ڕامیارییە كە كەسانی ڕامیاری بەكاریدەهێنن بۆ یەكلاكردنەوەی

---

[٧٠] مزهر الخفاجی، مصدر السابق، ص٤٨ .

[٧١]حسن نافعة واخرون، المصدر السابق، ج١، ص٢٧٥؛ ایف شمیل، المصدر السابق، ص٢٥١-٢٥٢ .

[٧٢]فهد الساكت، موسوعة اشهر الاغتیالات السیاسیة فی العالم، ط١ ، دار اسامة للنشر والتوزیع، (الأردن: ٢٠٠٠)، ص٩

[٧٣]حنة ارندنت، فی العنف، ت. ابراهیم العریس، ط١، دار الساقی، (بیروت: ١٩٩٢)، ص٧٩ .

[٧٤]ئەفلاتون، كۆمار، و. سۆران عومەر حەمە و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠٦)، ل٤٩٩ .

[٧٥]توماس هوبس، المصدر السابق، ص١٠٥-١٠٧ .

[٧٦]مزهر الخفاجی، المصدر السابق، ص٦-٧ .

[٧٧]مەبەست لەڕەشەكوژیكوشتنیبەكۆمەڵوهەرەمەكینیە،بەڵكو كوشتنی كەسانی ناوبازنەی دەسەڵاتە بەتایبەت كەسی یەكەمی دەسەڵاتدار، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد صابر كەریم، كولتوری زەبروزەنگ، چاپخانەی بەدرخان، (ب.ش: ٢٠٠٢)، ل٥٣ .

ململانێ ی نێوانیان و کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی نەخوازراو بەتایبەت لەسەروبەندی ئاڵوگۆڕە ڕامیارییەکان، یاخود بۆخۆی دەبێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕەکە، ئەمەش لەوبارودۆخەدا ڕوەدەدات کە لایەنێك وا هەستدەکات ئەو دەسەڵاتدارەی بەسەریەوەیەتی هۆکاری نەهاتنەدی ئامانجەکانیەتی و بەزۆر خۆی سەپاندووە، بۆیە ململانێ دەگاتە ئەو ئاستەی هەوڵی لەناوبردنی بدرێت[٧٨]، بەوریایی و بەنەهێنی لەلایەن کەسانی شارەزا پلان بۆ کوشتنی کەسی دەسەڵاتدار دادەنرێت، هەوڵدەدەن لە گونجاوترین شوێندا بەکەمترین کات کارەکە ئەنجامبدرێت[٧٩].

ڕێگاکانی ئەنجامدانیڕەشەکوژی چەند جۆریکن، بۆنمونە {ژەهراویکردن بەخواردن و خواردنەوە، برینداركردن بە(خەنجەر، چەقۆ، شمشێر، ... هتد)، سوتاندن، خنکاندن، ...هتد}[٨٠]، دەسەڵاتداران هەمیشە پێشبینی کاری لەم جۆرەیانکردووە و بۆ خۆپاراستن هۆکاری جۆراوجۆریان بەکارهێناوە، پارێزەری زۆریان بۆخۆیان تەرخانکردووە، ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەژیانی خۆی و خانەوادەکەی و کاروچالاکی ناو کۆشکەوە هەبووە، کاری سەرەکیان پاراستنی دەسەڵاتدارەکانیان بووە لە هەموو کات و شوێنێك لەگەڵیدابوون هەتا لەکاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینیشدا، سەرەڕای ئەوەش نەیانتوانیوە بەئاسودەیی بژین و دوور لەمەترسی کارەکانیان ئەنجامبدەن، هەرچەندێك و هەرچۆنێك هەوڵدرابێت نەتوانراوە ئەم دیاردەیە بنبڕبکرێت، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ماوەتەوە[٨١].

بۆکۆتایهێنان بە دەسەڵاتی نەویستراو دیاردەیەکیترلەکۆمەڵگادا بوونی هەبووە ئەویش (تیرۆر)[٨٢] بووە، بە ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ و پەنابردنبۆ توندوتیژی، بەردەوام لەخۆبەرهەم هێنانەوەدایە، بەپێی گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ و قۆناغە جیاوازەکان خۆی ڕێکدەخاتەوە و بەردەوام دەبێت[٨٣]، لەیەکێك لە بۆچونەکاندا باس لەوە کراوە تیرۆر هەوڵدانێکە دژی زۆرداری و بۆ بەدیهێنانی سەربەستی ئەرکی کێشاوە و قوربانی زۆری داوە، بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروڕای ڕامیارییەوە وەکو کارێکی نادروست ناسێندراوە، کارێکی قەدەغەکراوە، لەلایەن یاسا کۆمەڵاتی و ئایینیەکان ڕەتکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانی ئاینی لەچەندین سەردەم و شوێندا بۆ گۆڕینی بارودۆخی ڕامیاری بەپشت بەستن بە ئایین پەنایان بردۆتە بەرئەنجامدانی[٨٤]، ئەوانەی پەنایان بردۆتە

[٧٨]شهاب احمد رحمن، الإغتيالات السياسية في العراق، مطبعة الحاج هاشم، (اربيل: ٢٠١٣)، ص٥-٧ .

[٧٩]خليل احمد خليل، الإغتيال حرب الظلال والعنف المقدس، ط١، دار الفارابي، (بيروت: ٢٠١٢)، ص١٤

[٨٠]المصدر نفسه، ص٣٢-٣٣ .

[٨١] ابتهال عادل ابراهيم، ظاهرة الإغتيال السياسي في العصر الآشوري الحديث(٩١١-٦١٢ ق.م)، مجلة التربية والعلم، (موصل: ٢٠١١)، مج١٨، ص٢-٣ .

[٨٢]لەلایەنی زمانەوانییەوە ووشەی تیرۆر لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ (Terrorism)ی فەرەنسی واتا ترسی زۆر(تۆقاندن) یان تێکدانی باری دەرونی، لەڕووی زاراوەیشەوە تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژییە کە بەشێوەیەکی نهێنی بەرنامەی بۆدارێژراوە، لەم ڕێگایەوە کاردەکرێت بۆ کوشتن و لەناوبردن و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو کۆمەڵگادا بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی ڕامیاری، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فهد الساكت، المصدر السابق، ص٨ ؛ محمد صابر كريم، سەرچاوەی پێشوو،ل٨١ ؛ کارزان محەمەد، تیرۆر و تیرۆریزم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (سلێمانی: ٢٠١٠)،ل٢٦ .

[٨٣]کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل١١ .

[٨٤]فهد الساكت، المصدر السابق، ص٧-٩ .

بەرکاری توندوتیژی پاساوی ئەوەیان هەبووە کە نەیانویستووە دەسەڵات بەلاوازی و دور لەویستی گشتی بەردەوام بێت، پێویست بووە ئەو هێزە بەکاربێت کە توانای وەستاندن و گۆڕینی هەیە[٨٥]، بەپێوانەی گرنگی ئامانج هەوڵدراوە بۆ هێنانەدی، لەهەمان کاتدا ڕادە و ڕێژەی سەرکەتن بە هێنانەدی ئامانجەکە پێوانەکراوە، واتا یەکێك لەو بنەمایانەی تیرۆر پشتی پێدەبەستێت ئامانجە[٨٦]، کردارەکانیش پشت ئەستورنین بە هێزیکی زۆر و باڵادەست و کەل و پەلی زۆر پێشکەوتوو، بەڵکو لەلایەن ئەو کۆمەڵە دیاریکراوەوە بەشێوازی نەهێنی بەهۆی چالاکیە جۆراوجۆرەکانیان باری ئاسایی وڵات تێکدەدەن بۆ گوشار خستنە سەر ڕکابەرە ڕامیەرییکەیان بەئامانجی لاوازکردن و لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی[٨٧]، بەدرێژایی مێژوو هۆکار زۆربووە بۆ سەرهەڵدانی تیرۆر بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەی خوارەوە زیاتر باوبوون:

- ململانێی ڕامیاری و حەزی دەسەڵات وەرگرتن .
- بێ دادی و جیاکاری لەنێوان هاوڵاتیان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.
- چەوساندنەوە و سەرکوتکردن.
- پشتگوێخستن و وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکان لەلایەن دەسەڵات[٨٨].

ڕەشەکوژی و تیرۆر لەهەندێك ڕووەوە لەیەکتری دەچن، وەکو بەکارهێنانی توندوتیژی بەشێوازی نەهێنی و بەرنامەکراو بۆ زاڵبوون و گۆڕینی دەسەڵات، بەڵام جیاوازیان لەوەدایە ڕەشەکوژی هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتدار واتا کەسی دیاریکراو بەئامانج دەگرێت، بەڵام تیرۆر هەوڵێکە بۆ دروستکردنی بارودۆخێکی نائارام و پڕ لەترس تا بەهۆیەوە زاڵبێت بەسەر دەسەڵاتی نەویستراو[٨٩].

ب- شۆڕش (الثورة): هەرچەندە ئەم وشەیە لەنووسراوە کۆنەکانی بەرلەزاییندا بەکارنەهاتووە، بەڵام بەپێی هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنی ڕوداوەکانی ئەوکات لەلایەن توێژەرانی بواری مێژوو  بەکارهێنانی بەگونجاو زانراوە، لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسی (Revolution)  کە سەرچاوەکەیان (Revolution-on)ی لاتینیە و لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زانستی ئەستێرەناسی بەواتای (خولانەوە) یان (دووبارەبوونەوە) دێت، بەڵام یەکەمجار لەسەدەی حەڤدەی زایینی وەکو زاراوەیەکی ڕامیاری سودی لێوەرگیراوە، بۆ وێناکردن لە گۆڕینی بارودۆخ و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخی بنەڕەتی[٩٠]، شۆڕش هەوڵدانە بۆگۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لەژیانی کۆمەڵگادا، بەتایبەت ئەو کۆمەڵگایانەی چینایەتین و تیایدا دادپەروەری بەرەو لاوازی دەچێت، ئەوکات ئەم هەوڵە دەبێتە کارێکی حەتمی، واتا شۆڕشکردن هەوڵدانە بۆباشترکردنی ژیانی تاکەکان لەڕێگای گۆڕینی دەسەڵات بەشێوازی خەباتی کۆمەڵایەتی، کە دەگاتە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی ، بەڵام بەشێوازێکی تایبەت و دادپەروەرانەی

---

(٨٥) مزهر الخفاجی، المصدر السابق، ص٩ .

(٨٦) غانم محمد صالح، بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست،و.سەلامکەریم، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل٥٧ .

(٨٧) فهد الساکت، المصدر السابق، ص٨ .

(٨٨) کارزان محەمەد، سەرچاوەی پێشوو،ل٦١-٦٩ .

(٨٩) محمد صابر کریم، سەرچاوەی پێشوو،ص٥٧-٥٩ .

(٩٠) زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٥ .


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

تێکۆشانی چینایەتی کۆمەڵگا ئەژمارکراوە، چونکە لەپێناو باشترکردنی ژیان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگایە[٩١]، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش بەشێوەیەکی کشتی بریتین لە:

•تێکچوونی بارودۆخی ئابووری کە بەهۆیەوە برسێتی و هەژاری پەرەدەسێنێت و هاوڵاتیان دەکەونە ژێرباری ژیانێکی قورس، بۆیە بۆ ڕزگاربوونیان بەنادەبەنەبەر بەکارهێنانی توندو تیژی لەدژی ئەو دەسەڵاتەی کە بەسەرچاوەی نەهامەتیەکانی دەزانن.

•ڕەتکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن هێزیکی ناوخۆیی و هاندانی هاووڵاتیان دژبەدەسەڵات بۆ بەدیهێنانی دۆخێکی رامیاری و کۆمەڵایەتی باشتر[٩٢]، یاخود بەدیهێنانی ئامانجێکی خۆی لەڕێگای ئەوانەوە، بۆنمونە هەوڵدانی خێڵێك بۆئەوەی یەکێك لەئەندامەکانی بگەیەنێتە لوتکەی دەسەڵات ئەمەش زیاتر بەسودوەرگرتن لەتوانای خێڵەکانی دەوروبەری دێتەدی[٩٣].

•دژایەتیکردنی دەسەڵات لەلایەن هێزێکی دەرەکی، ئەم هێزە بۆ گەیشتن بە ئامانجە شاراوەکانی هانی هاوڵاتیان یان لایەنێکی کاریگەر دەدات، بۆ هەڵگەڕانەوە لەدژی دەسەڵاتەکەیان تا دەگاتە ئاستی شۆڕش.

شۆڕشگێڕان سەرجەم یاساو ڕیسا و بانگەشەکانی دەسەڵات وەلادەنێن تەنانەت پابەندنابن بەبانگەشە ئاینیەکانیش، چونکە ئەوان پێیان وایە هەوڵدانیان بۆ چاککردنەوەی ئەو دۆخەیە کە بەهۆی تورەیی خواوەندەوە دروستبووە، واتا وەستانەوە لەدژی دەسەڵاتی پیرۆزکراو دژی ویستی خواوەند نیە، بەڵکو بۆ ڕازیکردن و ئاشتکردنەوەی خواوەندە، بۆیە دروشمە هاوبەشەکانی خۆیان دەکەنە ئاماژە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و تورەبوونیان و گۆڕینی دەسەڵات[٩٤]، بەڵام زۆرجار دوای ماوەیەك هەمان ئەو ڕەفتارانە ئەنجامدراونەتەوە، کەپێشتر لەلایەن دەسەڵاتی لەناوچوو دژبەخۆیان ئەنجامدرابوون[٩٥]، وەکو هەر کاروچالاکیەك شۆڕش لایەنی باش و خراپی هەیە، دەتوانین بڵێین بەشێوە گشتیەکەی لایەنی باشی هەوڵدانە بۆ گۆڕین و ڕیشەکێشکردنی دەسەڵاتێکی کۆن و چەقبەستوو کە نەیتوانیوە ئامانجە گشتیەکان بێنێتەدی، واتا خەباتە لەپێناو تازەگەری و خۆشگوزەرانی، لایەنی خراپیشی ئەوەیە ئەم هەوڵدانە بەشێوازی توندوتیژی جێبەجێدەکرێت، بۆیە بۆماوەیەك وڵات دەگاتە باری تێکچوون و پەشێوی بەهۆیەوە کاری کوشتن و وێرانکردن ئەنجامدەدرێت، هەندێك لەشارەزایانی بواری کۆمەڵایەتی بەکاری تێکدەرانە ناویان بردووە[٩٦]، ئەمەش کۆمەڵگایەکی توندوتیژ بەرهەمدێنێت، هەمیشە ڕووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەبێتەوە، دەسەڵات ناچاردەبێت بەهێز هەوڵی چارەسەرکردنی بارودۆخ بدات[٩٧]، ئەوکات بەهۆی نەهامەتی زۆر و بێزاری هاوڵاتیان بیر لە ئەنجامدانی

---

[٩١] عبدالرزاق الصافي، القاموس السياسي، مركز الطباعة الحديثة، (بغداد: ١٩٧٣)، ص٩٤-٩٥ .

[٩٢] محمد فهد القيسي، المصدر السابق، ص١٥١ .

[٩٣] حسن نافعه واخرون، المصدر السابق، ص٢٧٤ .

[٩٤] مزهر الخفاجي، المصدر السابق، ص١٩٥-١٩٦ .

[٩٥] ویل ئاریل دۆرانت، وانەکانی مێژوو،و. پێشڕەوحسین و سۆران عەبدوڵا نەقشبەندی، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد،(سلێمانی: ٢٠٠٨)، ل٤٨ .

[٩٦] مزهر الخفاجي، المصدر السابق، ص١٩٥ .

[٩٧] برتران بادي و بيار بيرنبوم، سوسيولوجيا الدولة، ت. جورج أبي صالح، ط١، مركز الإنماء القوي، (لبنان: د.ت)، ص٦٣


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شۆڕشێکیتر دەکەنەوە، کەواتە وەکو سوڕێکی بەردەوام چۆن شۆرش دەسەڵاتێکی بەدیهێنا ئاواش توانای لەناوبردنی هەیە[(٩٨)].

ج-کودەتای سەربازی (الانقلاب العسكری): هەوڵێکی ناوخۆییە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەهۆی بەکارهێنانی هێز، بەڵام شێوازێکی تایبەتیە لەلایەن سوپا یان بەشێکی کاریگەری سوپا بەسەرپەرشتی و هەماهەنگی کەسانی سەربازی و ڕامیاری شارەزا دەست دەگیرێت بەسەردەسەڵاتدا و کۆتایی دێت بەو فەرمانڕوایەتیەی لە دیدی کودەتاچیەکاندا بەوشێوەیەی لەویست و دنیابینییاندا نەیتوانیوە وڵات بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن ببات[(٩٩)]، سوپای نارازی بەپلانێکی نەهێنی بەهەمان هێز و چەکی دەسەڵات دەستدەکات بە ئەنجامدانی چالاکیەکانی و بەردەوامدەبێت، قۆناغی دوای سەرکەوتن سەرجەم هێز و جومگە گرنگەکانی بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی کاتی دەکەونە ژێردەسەڵاتی سوپا، تادامەزراندنی سیستەمێکی ڕامیاری جێگیر کاروباری وڵات بەڕێوەدەبات[(١٠٠)].

د_جەنگ (الحرب): تەشەنەکردنی ململانێ ی نێوان دووبەرەی دژبەیەکی دوو دیوی سنورێکی دیاریکراو و ڕووبەڕوبوونەوەیانە بەشێوازێکی توندوتیژ و خوێناوی لەپێناو سەرکەوتن و ملکەچ پێکردنی بەرامبەر بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و دەسکەوتی زیاتر[(١٠١)]، تیایدا مرۆڤ دەکوژرێت هەندێکجار کوشتنی بەکۆمەڵیشی لێدەکەوێتەوە، هەمیشە هۆکاری هاندەر هەبووە بۆڕودانی، هەر لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی شارستانیەتەوە بوونی هەبووە و تاکو ئێستاش ماوەتەوە[(١٠٢)]، توێژەران پێیان وایە شەڕ و ئاشتی پێکەوە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتیان پێکهێناوە، بۆیە شەڕ ڕێگایەکی ئاسایی بووە بۆدرێژەدان و یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوان کۆمەڵە ڕامیارییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان[(١٠٣)]، دوای یەکلابوونەوەی شەڕ بە زیانی بەرەی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتێکی نوێ شوێنی کۆنەکە دەگرێتەوە یاخود بەهۆی لەناوچوونیەوە ناوچەکانی دەسەڵاتی پێشوو دابەشدەبن بۆ چەند دەسەڵاتدارییەکی نوێ[(١٠٤)]، دوای سەرکەوتن ئەگەر دەسەڵاتە تازەکە ترسی لەکاردانەوەی توندی ژێر دەستەکانیهەبێتبەزەبروزەنگ[(١٠٥)] فەرمانڕەواییان دەکات[(١٠٦)]، بەڵام دەستاودەستکردن بەمشێوازە وڵات دەخاتە باری ناجێگیریی و پەشێوی بەهۆی تێکچوونی چالاکیە ڕامیەریەکان و لاوازبوون یان پچڕانی پەیوەندی نێوان

---

[(٩٨)] حنه ارندت، المصدر السابق، ص٤٣ .

[(٩٩)] حسن نافعه واخرون، المصدر السابق، ج١، ص٢٧٤ .

[(١٠٠)] روجر أوين، الدوله والسلگه السياسيه فى الشرق الاوسگ، ت.عبدالوهاب علوب، گ١، المجلس الاعلى للپقافه، (القاهره: ٢٠٠٤)، ص٢٤٧

[(١٠١)] محمد صابر کريم، سەرچاوەی پێشوو،ل٨١-٨٢ .

[(١٠٢)] منير شفيق، علم الحرب، گ٢، المؤسسه العربيه للدراسات و النشر، (بيروت: ١٩٧٥)، ص٧ .

[(١٠٣)] محەمەد ئەمین عەلی عەبدوڵڵاشەڕی گۆگامێلا (ئەربێلا) ٣٣١ پ.ز توێژینەوەیەکیمێژوویيەلەهۆکارودەرەنجامەکانی، چاپخانەی کەمال، (سلێمانی: ٢٠١٠)،ل٧٢ .

[(١٠٤)] روجر أوين، المصدر السابق، ص٢٠ .

[(١٠٥)] ئەو هێزە توندوتیژەی کە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕوی کەسێکیان کۆمەڵێك دەبێتەوەو دەیخاتە ژێرفشاری دەرونی وجەستەیی، زیان بەسەر وماڵیدەگەیێنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد صابر کريم، سەرچاوەی پێشوو،ل٥٣.

[(١٠٦)] توماس هوبز، المصدر السابق، ص٢٠٨ .


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دەسەڵات و کۆمەڵگا[١٠٧]، ئەمەش هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتە و زووتر لاوازبوون و لەناوچوونی بەبەراورد بەدەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و قبوڵکراو[١٠٨].

دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە بارودۆخی ئاسایدا و بەشێوازی ئاشتی بواری لاوازبوونی دەسەڵات کەمدەکاتەوە، مەزەندە دەکرێت لەمشێوازەدا کەمتر ڕێگا بەمە بدرێت، کە بەهۆیەوە هاوڵاتیان بکەونە بارودۆخێکی ناخۆش و نەویستراو، بۆیە باشتر و ئاسانتر ئامانجەکان دێنێتەدی، بەپێچەوانەوە شێوازی دەستاودەستکردنی توندوتیژ کە هەموو نالەبارییەکی لێچاوەڕوان دەکرێت، ئەمەش بەهۆی پێداگری دەسەڵاتدارە لەسەر مانەوەی لەدەسەڵاتدا بەتایبەت ئەوکاتە کە ناتوانێت ئامانجە گشتیەکان بەدیبێنێت، بۆیە هاوڵاتیان بەناچاری هۆکاری نەویستراو بەکاردێنن بۆکۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە سەپێنراو بێسودە، ئەوکات وەکو پێویستی و ئەرکی سەرشانیان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ تا ئاستی قوربانیدان بۆ دەربازبوون و گەیشتنیان بەو ژیانەی ئاواتی بۆ دەخوازن، بەڵام هەندێکجار کارەکە بەتەواوی ڕامیارییە کەسێك یان لایەنێك دەیەوێت بگاتە لوتکەی دەسەڵات، ئەگەر بەشێوازی ئاسایی و یاسایی نەتوانێت ئامانجەکەی بێنێتەدی پەنا بۆکاری توندوتیژی دەبات .

## ئـەنـجام

دوای تەواوبوونی توێژینەوەکە گەیشتینە چەند ئەنجامێك گرنگترینیان ئەمانەی خوارەون:

١-دە توانین بلین ناساندنی دە سە لات لە رووی زمانە وانییە وە یان زاراوە ی بە شیوازی جوراوجور هاتووە ، وە زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بواری ڕامیاری و کۆمەڵناسی، بایە خی زۆریان بە شیکردنەوە و باسکردنی دەسەڵاتداوە، چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەوە هەیە و تێکەڵاوی سەرجەم بەرژەوەندی و گرفتەکان بووە .

٢- بەهۆی گرنگی دەسەڵات و پێویستبوونی بۆ کۆمەڵگا بەگواستنەوەی لەکەسێکەوە بۆکەسێکیتر، یان لەکۆمەڵێکەوە بۆیەکێکیتر بەردەوام هێشتنەوەی پارێزگاری لێکراوە، بەنەمانی دەسەڵاتدار یان کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا دەسەڵات ئاڵوگۆڕ کراوە.

---

[١٠٧] زبير رسول احمد، المصدر السابق، ص٢٩٣ .

[١٠٨] برتران بادى و بيار بيرنبوم، المصدر السابق، ص٧٩.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

٣- ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی ئەم بابەتە بایەخێکی زۆری هەیە، بۆیە پێویستە شیکردنەوەی وردی بۆبکرێت و شێوازەکانی بخرێنەڕوو، جونکە  بەهەمان شێوە لەئێستاشدا هەندێك لەشێوازەکانی و کاریگەریەکانی بەردەوام بەدیدەکرێن و ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی هەرتاکێك و ئاراستەی هەنگاوەکانی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنهەیە.

٤-دە ستاودە ستکردنی دە سە لات بە جە ند شیوازیکی جیاواز ئە نجام دە دریت لە دیارترینیان شیوازی ئاشتی وشیوازی توندوتیزی وهە ریە کیکیان بە جە ند ریگایە ك ئە نجام دە دریت .

## لیستی سەرچاوە کان


**یە کە م : سە رجاوە کان بە زماني كوردي**

١- ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن، سۆسیولۆژیا لای مارکس و ماکس ڤیبەر، و. دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی:  ٢٠٠٥) .

٢- ئەفلاتون، کۆمار، و. سۆران عومەر حەمە و ئەوانیتر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠٦).

٣- جۆرج بالاندیێ، ئەنپرۆپۆلۆجیای سیاسی، و. بەهزاد حەوێزی، چ١، چاپخانەی موکریان، (هەولێر: ٢٠١٤) .

٤- حسین بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت تیۆری-پراکتیکی، چ١، چاپەمەنی پەیوەند، (ب.ش:  ٢٠٠٥).

٥- ڕێبین رسول، سیستەمی سیاسی هزر و فەلسەفەی سیاسی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: ٢٠٠٣) .

٦- زاهیر محەمەدی و یاسین حاجی زادە، فەرهەنگی سیاسی ژیر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر:  ٢٠٠٦) .

٧- عەبدولرەحمان عالم، بنەماکانی زانستە ڕامیاریەکان، و.دلاوەر عەبدوڵا و محەمەد کەریم، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، (سلێمانی:  ٢٠١٢) .

٨- غانم محمد صالح، بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و.سەلام کەریم، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، (هەولێر:  ٢٠١٠) .

٩- کارزان محەمەد، تیرۆر و تیرۆریزم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (سلێمانی:  ٢٠١٠) .

١٠- محمد صابر کەریم، کولتوری زەبروزەنگ، چاپخانەی بەدرخان، (ب.ش:  ٢٠٠٢).

١١- محەمەد ئەمین عەلی عەبدوڵڵا، شەڕی گۆگامێلا (ئەربێلا) ٣٣١ پ.ز توێژینەوەیەکی مێژووییە لەهۆکار و دەرەنجامەکانی، چاپخانەی کەمال، (سلێمانی: ٢٠١٠).

١٢- ویل ئاریل دۆرانت، وانەکانی مێژوو، و. پێشڕەو حسێن و سۆران عەبدوڵا نەقشبەندی، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، (سلێمانی: ٢٠٠٨) .

**دووە م : سەرچاوە کان بەزمانی عربی**

١- أبي الفضل جمال الدين محمد بن مكرم ابن منظور الافريقي المصري، لسان العرب، ط٦، دار الصادر، (بيروت: ٢٠٠٨)، مج٧.

٢- ايف شميل، السياسة في الشرق القديم، ت. مصطفي ماهر، ط١، المجلس الاعلي للثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٥).

٣- باري هندس، خطابات السلطة من هوبز الي فوكو، ت. ميرفت ياقوت، ط١، مجلس الاعلي للثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٥) .

٤- برتران بادي و بيار بيرنبوم، سوسيولوجيا الدولة، ت. جورج أبي صالح، ط١، مركز الإنماو القوي، (لبنان: د.ت) .

٥- برتراند راسل، السلطة والفرد، ت.محمد بكير خليل، مطبعة جامعةالدول العربية للنشر و الترجمة، (القاهرة: ١٩٥٣) .

٦- توماس هوبس، اللفياثان لاصول الطبيعية والسياسية لسلطة الدولة، ت. ديانا حبيبة حرب و بشري صعب، ط١، دار الفارابي للطباعة والنشر، (بيروت: ٢٠١١) .

٧- جاك مارينتان، الفرد والدولة، ت.عبداللة امين، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، (بغداد: ١٩٦٢) .

٨- جان ماري رانكان، علم السياسة، ت. محمد عرب، مؤسسة مجد للدراسات و النشر و التوزيع، (بيروت: ١٩٩٧) .

٩- جورج ه. سباين، تطور الفكر السياسي، ت.حسن جلال العروسي، دار المعارف، (القاهرة: ١٩٦٣)، الكتاب الاول.

١٠- حسن نافعة و اخرون، مقدمة في علم السياسة الايدولوجيات والافكار والنظم السياسة، مطبعة جامعة القاهرة، (القاهرة:٢٠٠٢) .

١١- خليل احمد خليل، الإغتيال حرب الظلال والعنف المقدس، ط١، دار الفارابي، (بيروت: ٢٠١٢) .

١٢- روجر أوين، الدولة والسلطة السياسية في الشرق الاوسط، ت.عبدالوهاب علوب، ط١، المجلس الاعلي للثقافة، (القاهرة: ٢٠٠٤) .

١٣- زبير رسول احمد، المجتمع المدني والدولة اشكالية العلاقة، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، (السليمانية: ٢٠٠٨) .

١٤- شهاب احمد رحمن، الإغتيالات السياسية في العراق، مطبعة الحاج هاشم، (اربيل: ٢٠١٣) .

١٥- شيرزاد احمد النجار، دراسات في علم السياسة، ط١، مطبعة وزارة الثقافة، (اربيل: ٢٠٠٤) .

١٦- عامر حسن فياض و علي عباس مراد، اشكالية السلطة في تأملات العقل الشرقي القديم والاسلامي الوسيط، ط١، دار الشؤون الثقافة العامة، (بغداد: ٢٠٠٥) .

١٧- عبدالخالق عبداللة، حكاية السياسة، ط١، مؤسسة المجد للدراسات و النشر و التوزيع، (بيروت: ٢٠٠٦) .

١٨-عبدالعزيز العيادي، ميشال فوكو المعريفة والسلطة، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، (بيروت: ١٩٩٤) .

١٩- علي فياض، نظريات السلطة في الفكر السياسي الشيعي المعاصر، ط٢، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، (بيروت: ٢٠١) .

٢٠- محمد حلمي عبدالوهاب، ولاة وأولياو السلطة و المتصوفة في إسلام العصر الوسيط، ط١، الشبكة العربية الابحاث و النشر، (بيروت: ٢٠٠٩) .

٢١- محمد فهد القيسي، تداول السلطة في العراق القديم ابان الالف الثالث قبل الميلاد، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، (دمشق: ٢٠١١) .


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٢٢- محمد نصر منها، في تاريخ الفكر السياسي المقارن، مركز الاسكندرية للكتاب، (الاسكندرية: ٢٠٠٦) .

٢٣- مزهر الخفاجي، خصائص الشخصية عراقية والشخصية المصرية في التاريخ القديم، ط١، بيت الحكمة قسم الدراسات التاريخية، (بغداد: ٢٠١٤) .

٢٤- منير شفيق، علم الحرب، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، (بيروت: ١٩٧٥) .

٢٥- موريس كروزية، تاريخ الحضارات العام، ت. يوسف اسعد داغر و فريد م.داغر، عويدات للنشر والطباعة، (بيروت: ٢٠٠٣)، مج٤.

٢٦- ناصيف نصار، منطق السلطة مدخل الي فلسفة الامر، ط٢، دار أمواج للنشر و التوزيع، (بيروت: ٢٠٠١) .

سييه م: تێزه زانكۆييەكان:

١- شعلان كامل اسماعيل، الحياة اليومية في البلاط الملكي الاشوري خلال العصر الاشوري الحديث(٩١١-٦١٢ ق.م)، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة الموصل، (الموصل: ١٩٩٩) .

٢- طالب منعم حبيب الشمري، الوضع السياسي في الشرق الادني القديم بين القرنين السادس عشر و الحادي عشر قبل الميلاد، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، (بغداد: ١٩٩٦) .

٣- عزيز محمدامين عزيز الزيباري، مراسيم تنصيب الملوك و ترسيم الكبار الوظفين والكهنة في العراق القديم من العصر السومري المبكر حتي نهاية العصر الاشوري الحديث، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة القاهرة، (القاهرة: ٢٠١٥) .

٤- مسلم حسن محمد عزيز المظفري، الفلسفة السياسية عند هوبز، رسالة ماجستير غير المنشورة، مقدمة الي مجلس كلية الاداب، (جامعة بغداد: ٢٠٠٤) .

چوارەم: موعجه م ومه وسوعه

١- خلف الجراد، معجم فلاسفة المختصر، ط١، مؤسسة مجد للدراسات و النشر، (بيروت: ٢٠٠٧) .

٢- عبدالله البستاني، الوافي معجم وسيط للغة العربية، مكتبة البنان، (بيروت: ١٩٩٠).

٣- فهد الساكت، موسوعة اشهر الاغتيالات السياسية في العالم، ط١ ، دار اسامة للنشر والتوزيع، (الاردن: ٢٠٠٠) .

بينجه م : طؤظاره كان

١- ابتهال عادل ابراهيم، ظاهرة الإغتيال السياسي في العصر الاشوري الحديث(٩١١-٦١٢ ق.م)، مجلة التربية والعلم، (الموصل:٢٠١١)، مج١٨.

٢- اواز سليمان محمد، السلطة والفكر السياسي جوهر ظاهرة السلطة و قواعدها، مجلة جامعة كوية، (كوية: ٢٠٠٦)، ع٦.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

**الملخص**

**المعلوم أن العديد من الدراسات تري أن السلطة هي الاساسية والمؤثرة في المجتمع الانساني ،فهي التي تستطيع أن تنظم العلاقات مابين أفراد المجتمع ، ونتيجة محاولة السلطة للوصول للنتائج المرجوة والاهداف الضرورية أثر علي العلاقة مع الفرد الذي كان يقبع تحت تلك السلطة ، وحدث صراع وتنازع عليها بين الافراد وبين الذين اعتلوا السلطة من قبل.**

**لذلك فان العديد من الحكومات والسلاطين بعد نيلها التأييد من الالهة تحاول الحصول علي كسب الثقة ورضا الاطراف والمؤيديين لها، علي الرغم من ذلك فان سلطات أخري اهملت هذا الجانب وستعملت العنف للحصول علي مأربها، ويمكن القول ان الصراع علي السلطة والوصول للعرش كانت عاملا` مهما` في تحديد وتغير أساليب تداول والتي كانت لها نتائج ايجابية والسلبية في الوقت نفسه .**

## Abstract

So A Lot Of Authorities And Government To Get The Assurance From God To Try, Obtain The Confidence And Admire From Their Followers. In Spite Of That Other Authority Might Ignore This Side Or They Use Force For Their Aim. We Can Say The Conflict Upon The Authority To Get Throne The Importance Effect To Limit And To Change The Influence (Way) Rotation Authority. Had Advantage And Dis Advantage At The Same Time.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)